# خانوەکانی سەرۆك و خانوەکانی هەڵەبجە؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**



مناڵێکی هەڵەبجە دیوارە قورینەکەیان روخا بەسەریداو بەدەستی پڕ لە زەنگیانەو ماڵە باجێنەکەیەوە هەناسەی سپاردو ووتی بابە من ئەرۆم بەخوا کەس خانووەکەمان بۆ چاك ناکاتەوە، پاریش هەر لە هەڵەبجە خانویەك رووخا بەسەر نیگا سپیەکانی بیلالی تازە ساواداو لەناو بێشکەکەیدا پێی ووتین گۆڕ گەلیٚ خۆشترە لەم ماڵە شێدارو کەلاوانەی ئێمە، ئەریٚ خانووەکانی تالەبانی و بارزانیش ئەتەپن و ئەروخێن و مناڵەکانیان ئەمرن؟ ئەی بۆ ویژدانیان ناخرۆشیٚ بۆ هەڵەبجەو ئەوەندەی مالیکیشیان پێناکریٚ کە بۆ ئەمساڵ دیاری خۆی بەخشیەوە بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، ئەم سەرکردانەی کورد ئەوە بۆچی ئەبیٚ هەر چاوەروانی سواڵ و سەدەقەی بێگانەو خەڵکی دیکە بن؟ ئەوە ئەو تورەکە لیرانەی خۆیان هەر پڕ نەبوو؟ ئەریٚ تاکەی هەر بیر لە روفاهیەت و پۆست و داهاتووی ماڵ و مناڵی خۆیان ئەکەنەوە، ئەی مناڵانی هەڵەبجە؟؟؟ ئەوە بۆچی ئەوە 19 ساڵە غروور گرتونی و گویٚ لەکەس ناگرن و بیٚ منەتن لە خواست و داواکاری و رەخنەی نوسەران، بەراست کە ئەوەندە بێزارن لە هەڵەبجە بۆچی ئیعلانی ناکەن، تازە بەتازە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە هەڵەبجە ئەسەننەوەو ئەیکەنە بەرێوەبەرێتیەکی بچوك و مەحکومی ئەکەن بە شارۆچکە، ئێمە خوازیاری ئەوە بووین کە هەڵەبجە بکەینە پارێزگاو وەزارەتگاو و زۆر داموەزگای گەورەی دیکەی تیٚ بەرین نەك بچوکی بکەنەوە لە معاونیەت و بەرێوەبەرێتی بچوك بچوك، ئەمە بەدیوەکەی تریدا ئیشکردنە بەو ئاراستەیەی کە دەستێك یان دەسەلاٚتێك هەیە کە نایەوێت هەڵەبجە گەورە بکرێت و ئاوەدانی تێبکەوێت و هێشتا بەعس کارایی خۆی هەیە، بەڵکو دەیانەوێت بۆ دەرزی لێدان و بۆ ئیمزای عەریزەی کەناس و فەرمانبەرێکی هەژار بیێنە سلێمانی و تابیٚ هەڵەبجە غەرقی بچوکی و کەلاوەی بکەنەوە، ئاخر هەر دوێنیٚ بوو ژنێك بەهۆی پەستانی خوێنەوە دەیهێنن بۆ سلێمانی و لە رێگادا ئیسعافەکەیان دەعم ئەکاو هەم شۆفێرو هەم کوڕی ژنەکە دەبنە قوربانی نەبوونی خەستەخانە، هەفتەی پێشووتریش گەنجێك لە هەڵەبجە بە دووفیشەکی کلاٚشینکۆف خۆی کوشت و پێی ووتین درۆیە ژیان لە هەڵەبجەدا نیە، ئەریٚ ئەو دەسە نەگریس و پیسە چیە وا ئەکات لە هەڵەبجە؟ گەرەکەکەی ماڵی عومەری خاوەر زستانی 88 قوڕاوی کەمتر بوو تا ئێستا، ژیان ئەوکات بایی ئەوەندەی پێوەمابوو گوڵەمێخەکێك بدەین لە یەخەمان و چۆڕیٚ دۆی عەبابەیلیٚ بخۆین و هەنارێکی مێخۆشی چاوگ داوڵێن و جامولکەیەك ئاوی کارێز بخۆینەوە، بازاری هەشتاکانی هەڵەبجە پڕبوو لە پیاوی سوعبەتچی و دەم بە خەندەو چاخانەکانیش جمەی دەهات لە جنێوی جوان، وەلیٚ ئێستا پیاوەکانمان کزو بیٚ کەیف و بیٚ سۆزن، حەیف ئەی پیاوانی هەڵەبجەو بناری بەمۆو شنرویٚ حەیف، حەیف ئەی ژنانی عاشق، عیشق لە حەفتاکانی باخی میرو کانی عاشقاندا وەڵلاٚ خۆشتر بوو لە ئێستا، بۆنی گوڵەباخ و هەستی کوردایەتی و رۆحی شۆرش وەڵلاٚ جاران بەشەوقتر بوو، وەڵلاٚ خیانەتیش جاران خۆشتر بوو چونکە دەمانزانی کیٚ خائینەو کیٚ شۆرشگێر وەلیٚ ئێستە نا، ئەمەیە شاری شەهامەت وشارە بەناوبانگەکەی جیهان، ئەوە سەری بڵندودەباشان و کۆیەش وەك هەڵەبجەن؟ ئاوا مناڵەکانیان پیٚ قوراویی ئەبن و دیوار ئەروخیٚ بەسەریاندا؟ گەنج خۆی ئەکوژیٚ؟باوکەکانیان بەرمیل ئەگرن بەسەرشانەوە بۆ قومیٚ نەوت؟ نەخۆشەکانیان ئەبرێن بۆ سلێمانی؟ بێخانوو بیٚ شەقام و بیٚ خەستەخانەن؟بەراستی سەلماندتان ئێوە کوڕی شۆرش نەبوون، بۆیە بیٚ هەستن بۆ ئازارەکانی هەڵەبجە، ئێوە قەت برسی و بێنەوت و بیٚ پەسێر نەبوون بۆیە هەست بە نەبوونی نەوت و سەرماو بیٚ پەسێریش ناکەن؟ ئێوە تەنها بیر لە پڕکردنی گیرفان و زۆرکردنی تەلارو خانوە سیحریەکانتان ئەکەنەوە، کوا مەجالی ئەوەتان هەیە لەتاو تەکەتولگەری و ململانێی پۆستەکانی بەغداو داهاتوی سیاسی کورەکانتان بیر لە هەڵەبجە بکەنەوە، کوا مەجالی ئەوەتان هەیە بزانن ئەوە مینۆمێنت بۆ سوتا؟ هەڵەبجە بۆ هەر کاولەی کۆیە، ئەی خەڵکەکانی ناوی بۆ نەخۆش و بێزارو نارازین، ئێوە بەنەوعیٚ هەڵەبجەتان پەراوێز کردووە مرۆڤ شەرم ئەکات داواکاری بۆ ئێوەبەرزبکاتەوە ناچارانە پەنا ئەباتەوە بەر دەسەلاٚتی مەرکەزی بەغداو ئەوانیش بە راستی وەجواب دێن، کاتی خۆی سەدام تکریتی مەسقەت رەئسی خۆی کرد بەپارێزگا، خۆ ئەشیزانی هەڵەبجە کۆنترین و گەورەترین قەزای بەناو عیراقی بوو دەبوو هەڵەبجە بکرایەتە پارێزگا کەچی کیمیایی پیاٚکردو دەسەلاٚتی کوردیش 19 ساڵە تەنها ئیشیان ئەوەیە کیمیایی بخەنە رستەو هیچی تر (**هەڵەبجە لەلایەن بەعسەوە کیمیایی باران کرا**) بەراست

**خانوەکانی سەرۆك و خانوەکانی هەڵەبجە وەك یەکن؟ بە تەحەدداوە ئەیڵێم بە پارەی 10 خانووی هەڵبژاردەی مامە و کاکە هەموو خانووەکانی هەڵەبجە دروست ئەکەمەوە (خانوە 900 دەفتەریەکان) گەر هەڵەبجەشتان ناوێ با بزانین پێمان بڵێن چونکە هەڵەبجە مرد!؟**

**هاکا هەڵەبجەش ئێوەی نەویست و بەتەواوی لە شار دەری پەراندن و لە مێشکی خۆیدا دیلێتی کردن، چونکە بۆ بیرخستنەوە بزانن یەکەمین راپەرین لە 87 داو لە ئەوجی قوەتی بەعسدا هەڵەبجە کردی، یەکەمین مەفرەزەی سەرەتایی و تەشکیلاتی تازەی شۆرش هەرلە هەڵەبجە بوو، یەکەمین شەهیدی شۆرشی نوێی یەکێتی رۆڵەی کانی عاشقانەکەی هەڵەبجەبوو کە فاتیحی شێخ حەیدەر بوو، یەکەمین پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلولیش کە بە خەنجەرەوە موقاوەمەی سوپای زەعیم سدیقی کردوو چووە سەر دەبابە لە زەڵم، شۆرەسوار محمد گوڵپیەکەی هەڵەبجەبوو، ئەوە باسی سەروەریەکانی هەڵەبجە لە سەدەی رابردوو ناکەین کە چۆن لە شەڕوداستانی دەربەند ئەشکەوەڵ و لە پشتی عەبایەیلێ جەنگاوەرە نیشتیمانپەروەرەکانی هەڵەبجەو شێخانی عەبابەیلێ یەکەمین تەیارەی ئینگلیزیان بە سەمینۆڤ و یانزە تیر خستەخوار، دواجار یەکەمین مینۆمێنتی یادگاریش لە تەواوی دونیادا هەڵەبجە سوتاندی و یەکەمین جاریشە کوڕ لە تاو نائومێدی و گەندەڵی و ناعەدالەتی دەسەڵات وێنەی باوکی بسوتێنێ و نەفرەتی لێ بکات(بەڵام ئەشزانم ئێوە سوتانی مینۆمێنت بە سەروەری نازانن) بەڵام بۆ ئەوەی بزانن کە هەڵەبجە هەر بریتی نییە لە کارەساتی 3/16 مێژوەکەی پڕە لە قوربانیدان و چەلەنگی و نەبەردیی، ئێستاش هەناوی پڕ لە زوخاڵی هەڵەبجە گەلێ ئیبداعی تری تێدایە وریابن، وانەزانن هەڵەبجە ئاشبەتاڵی ئەمساڵی بەرپرسان نابینێ بۆ یادەوەری کیمیاییباران، چاك چاکی ئەبینێ و لەبیریشی ناچێ، نەهاتنی تاقە بەرپرسێکی حکومی و حیزبیش لەدەرەوەی شارەوانی هەڵەبجە بۆ یادی 19 ساڵە ئەگەرچی مایەی شەرمە، لێ خوێندنەوەو تەفسیری زۆر هەڵئەگرێ کە یەکێکیان دۆراندنی متمانەی دەسەڵات و دەرکەوتنی دەموچاوێکی نوێی فاشیزمی کوردییە کە پێویستی نە بەیادەوەری و نە بە ڤیستیفاڵ و نە بەخەڵکی رەش و روتیش هەیە کە ئەمە مەترسیە گەورەکەیە، ئەوەی کە باوەری پێیەتی هێزو پارەو غروورو دەسەڵاتی زاڵە، چونکە بۆخۆی فاشیزم بەوە ئەناسرێتەوە لە تەواوی دونیادا بە لۆژیکی هێز کارئەکات نەك بە هێزی لۆژیك و عەقڵ، واتە ئەوەی کە گوێی پێنەدات خەڵك و رای جەماوەرو بەرەی عەقلانیەتی نوخبەیە، ئەوەش کە گوێی پێ ئەدات عەقڵی ئایدۆلۆژی و دەسەڵات و هێزە زاڵەکەی خۆیەتی وەك ئەوەی کە ئێستا لە دەسەڵاتی کوردیدا موتەئەسیفانە دەرکەوتەکانی بەدی ئەکەین.**